# شکاندنی سنوورەکانی فرۆش

نووسین : ژان بقوسیان

وەرگێڕان: گەشتیار غەریب

بۆ داواکردنی ئەم کتێبە: کلیک لەم لینکە بکەن

**ناسنامەی کتێب:**


- ناوی کتێب: شکاندنی سنوورەکانی فرۆش
- نووسین: ژان بقوسیان
- وەرگێڕان: گەشتیار غەریب
- تایپ و پێداچوونەوە: زانیار غەریب
- نەخشاندنی بەرگ: میر موکری
- نۆرەی چاپ: دووەم
- ساڵی چاپ: 2023
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٦ هەزار
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٥٥١)ی ساڵی (2023)ی پێدراوە.
- لە بەرهەمەکانی پڕۆژەی (کارسازی شادمان).
- کتێبی ژمارە (١٠).

مۆڵەتی چاپکردنی کتێبەکانی (ژان بقوسیان) بە فەرمی لە (کۆمپانیای مودیرسبز) بە ئاگاداری (ژان بقوسیان).


Maryam Fatollahi 11:57
to me

سلام روز بخیر
ممنون از شما که حق تعلیف نویسنده را رعایت کردید و به ما اطلاع دادید.
هیچ مشکلی نیست شما میتوانید کتاب را چاپ کنید امیدواریم این کتاب در کشور شما محبوب و مورد علاقه قرار گیرد.
موفق باشید 🌹
مدیرسبز

سڵاو ڕۆژ باش

سوپاس کە مافی نوسەرتان ڕەچاوکردووە و ئاگادارتان کردینەوە. گرفتێک نییە و دەتوانن کتێبەکە چاپ بکەن. هیوامان وایە ئەم کتێبە لە وڵاتەکەتاندا خۆشەویستبێت و شوێنی خۆی بگرێت.

سەرکەوتووبن.

مدیرسبز

# بەشی یەکەم

# سەرەکیترین کاری بزنس

هەموو بزنسەکانی سەرزەوی یەک کاری سەرەکییان هەیە؛ دەزانیت ئەو کارە چییە؟

هێنانی کڕیارە بۆ کڕینی بەرهەمەکەیان.

ئەگەر بزنست هەبێت، دەبێت کڕیارت هەبێت. ئەگەر کڕیارت نەبوو، دەبێت بزنسەکەت لاببەیت.

بۆ ئەوەی کڕیارت هەبێت، دەبێت بزانیت: کاری سەرەکیی تۆی خاوەن بزنس هێنانی کڕیاری نوێیە بۆ ناو بزنسەکەت و دواتر هێنانەوەی هەمان کڕیارە.

❖ سەیرە:

زۆرینەی خاوەنکارەکان، کار لەسەر هێنانی کڕیاری نوێ ناکەن!

دەڵێن: خەڵک خۆیان دەزانن ئێمە باشین و ڕۆژێک لە ڕۆژان دێن و سەردانمان دەکەن و دەزانن ئێمە باشین!

بزنسیان دروستکردووە، پارەیان خەرجکردووە، بەڵام دادەنیشن و چاوەڕێن کڕیار خۆی بێت بۆ لایان!

❖ سەیرتر:

هەندێک خاوەنبزنس کاردەکات بۆ هێنانی کڕیاری نوێ، بەڵام لەگەڵ کڕیار زیادیکرد، ئیتر وازدەهێنێت. هەتا کڕیاری کەمدەکات و فرۆشی نامێنێت. ئەوکات سەرلەنوێ بیرلەوەدەکاتەوە شتێکیتر بکات تا کڕیار بهێنێت.

☆ پرسیار ئەوەیە:

بۆچی خاوەنکارەکان کات نادەن بە هێنانی کڕیاری نوێ؟

✓ وەڵام:

چونکە هێنانی کڕیاری نوێ کارێکی زەحمەتە، کات و پارەی دەوێت، خاوەنکارەکەیش سەرقاڵی کاری ترە و مەجالی نییە کات بەم شتە گرنگە بدات!

خاوەنبزنسەکان حەزیان بە هێنانی کڕیاری نوێ نییە، بەڵکو حەزیان بەوەیە بفرۆشن و پارە بێتە دەستیان.

ئەوان پێیان وایە: بزنس بەپێی تێپەڕینی کات گەورەدەبێت و کڕیارەکانی زیاددەکات، لەبەر ئەوە واباشترە خۆیان ماندوو نەکەن.

# دروستکردنی کڕیاری هەمیشەیی

زۆرینەی بزنســـەکان ناتوانن لە پرۆســـەی هێنانی کڕیار تێبگەن. هەر ئەوەیش وادەکـات کـاتێـک ڕیکلامێـک دەکەن و فرۆشگاکەیەن قەرەباڵخ ببێت، شاگەشکە ببن.

وادەزانن ئەوەندە بەسە کەسێک بێتە ژوورەوە، پارە بدات و بڕوات!

هەر ئەمەیش وایکردووە بەردەوام بیـانەوێت کڕیـارەکەیـان بکڕێت، لەگەڵ کڕینەکەیشـــی کرد، ئیتر واز لەم دەهێنن و گرنگی بە کڕیارێک دەدەن کە هێشتا کڕینی نەکردووە.

بزنسە سەرکەوتووەکان بۆیە سەرکەوتوون چونکە بەردەوام دوو کاردەکەن:

**یەک:** کڕیاری نوێ دەهێنین.

**دوو:** کارێک دەکەن تا ئەم کڕیارە دووبارە بێتەوە.

کەواتە ئەگەر بتەوێت لە بزنســـــدا ســـــەرکەوتووبیت، دەبێت بەردەوام سەرقاڵی ئەم دوو کارە بیت.

نیگەرانی هیچ مەبن؛ ئێمە لەم کتێبەدا بە وردی پێت دەڵێین: چۆن کڕیارەکە بهێنیت و چۆنیش بیکەیتە کڕیاری هەمیشەیی.

## بۆچی زۆرێک لە بزنسەکان لەناودەچن؟

ئایا دەزانیت کە ئەگەر ئەمسـاڵ هەزار بزنسـی نوێ لە کوردسـتان دروسـتبکرێت، ئەوا دوای (٥) سـاڵیتر (٩٥٠) دانەیان لەناوچوون!

☆ پرسیارەکە ئەوەیە:

سـەرەکیترین هۆکـار چییە بۆ ئەوەی ئەم بزنسـانە سەرکەوتوو نەبن؟

✓ وەڵام:

لە (١٠٠) بزنس(٩٠) دانەیـان بەهۆی نەبوونی کڕیـارەوە لەنـاودەچن! (١٠) دانەکەیتر بە هۆکـاری تری وەک خراپی بەرهەمەکە لەناو دەچن.

کەوایە: گەورەترین کێشەی بزنسەکان نەبوونی کڕیارە.

ئەمەیش واتا: گرنگترین کاری بزنس هێنانی کڕیارە.

🔔 **بیرت بێت:**

ئەگەر بزنسـێک لە دانەیەکیتر سـەرکەوتووترە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە هێنانی کڕیاردا بەهێزترە!

ئەگەر بەردەوام سـەرقاڵی هێنانی کڕیاری نوێ نەبیت، ئەوا بزنسـەکەت لە مەترسیدایە! لەبەر ئەوە ناکرێت ئیهمالی بکەیت لە هێنانی کڕیاری نوێ دا.

🔔 **بیرت بێت:**

هێنانی کڕیاری نوێ لە فرۆشتن گرنگترە، چونکە ئەگەر باشترین فرۆشیاری سەرزەوی بیت، بەڵام کڕیارت نەبێت، ناتوانیت بفرۆشیت.

## هێنانی کڕیاری نوێ بکە بەخوو

پێویستە بەردەوام سەرقاڵی هێنانی کڕیاری نوێ بیت و هیچ کاتێک وازی لێ نەهێنیت.

**واتا:** لە ئێستاوە تا کۆتایی تەمەنت دەبێت خەریکی هێنانی کڕیاری نوێ بیت. نەک هەرکات فرۆشت نەبوو، کڕیار بهێنیت و کە فرۆشت باش بوویەوە، وازبهێنیت!

کەواتە پێویستە خووبگریت بە هێنانی کڕیارەوە.

لەم کتێبەدا دەیان بیرۆکەی باشتان پێدەدەین بۆ ئەو کارە.

🔔 ئاگاداربە:

ئەگەر لەم مانگەدا هەموو وزەی خۆت لە هێنانی کڕیاردا خەرجبکەیت، بەڵام مانگی داهاتوو وازبهێنیت، ئەوا وزەکەت بەفیڕۆدەچێت!

پەیــداکردنی کڕیــار کــارێکی گرنگە، بەڵام لەوەگرنگتر بەردەوامیدانە بە پڕۆســـەکە. ناتوانیت بە شـــێوەیەکی پچڕ پچڕ متمانەی هەواداری نوێ بەدەستبهێنیت.

پێشـــبینی ئەوە مەکە یەک ڕیکلامی کــاریگەر لە پەیجێکی گەورەدا بۆ هەمیشە کڕیارت بۆ بهێنێت.

ئەم کتێبە ناوی (شــکاندنی ســنوورەکانی فرۆش)ە. بەڵام بۆ شـکاندنی ئەو سـنوورە، دەبێت سـەرەتا کڕیارمان هەبێت، دواتر وابکەین کڕیارەکە دووبارە بێتەوە.

با دەستبکەین بە باسکردنی هێنانی کڕیار.

# وەرزەکان

ئەم کتێبە دابەش دەکەین بۆ سێ وەرز، بەم جۆرەی خوارەوە:

## وەرزی یەکەم: دروستکردنی فرۆش

لەم وەرزەدا بە وردی پێت دەڵێین: چی بکەیت تا ژمارەی کڕیارەکانت زیادبکەیت.

## وەرزی دووەم: دروستکردنی قازانج

کاتێک کێشەی فرۆشت نەما، کاتی ئەوەدێت قازانجت بەرزبکەیتەوە. لەم وەرزەدا پێت دەڵێین: چی بکەیت تا قازانجت زیادبکات.

## وەزی سێیەم: بەهێزکردنی بزنس

بۆ ئەوەی بتوانیت فرۆش دروستبکەیت و قازانج بکەیت، دەبێت لە ڕکابەرەکانت بەهێزتربیت. لەم وەرزەدا باسی بەهێزکردنی بزنسەکەت دەکەین.

# بەشی سێیەم

## کڕیارەکانمان

تا ئێستا زانیمان چی بکەین تا لەڕێی ڕیکلامەوە کڕیار بهێنین.

بەڵام تێچووی ڕیکلام بەرزە و کارێکی ئاسانیش نییە. لەبەرئەوە دەبێت بیربکەینەوە لە شێوەکانیتری هێنانی کڕیار.

یەکێک لە باشترین شێوەکانی هێنای کڕیار ئەوەیە کە کڕیارەکان کڕیاری ترت بۆ بهێنن.

ئێمە پێشتر کتێبێکمان نووسیوە بە ناونیشانی (کڕیارەکانت زیادبکە). پێشنیارت بۆدەکەم ئەو کتێبە بخوێننەوە، چونکە پێتان دەڵێت: چی بکەن تا کڕیارەکانتان ڕیکلامتان بۆ بکەن.

لەم کتێبەدا کۆمەڵێک بیرۆکە باسدەکەین کە لەو کتێبەی تردا باسمان نەکردووە.

بیرۆکەکانی هێنانی کڕیار لەڕێی کڕیارەکانتەوە:

- **دیاری بۆ هاوڕێی کڕیارەکە**
- **باسی تۆ بکەن**
- **کۆمپانیای گەیاندن**
- **کەسە پسپۆڕەکان**
- **پارەی ڕیکلام**

## یەک: دیاری بۆ هاوڕێی کڕیارەکە

ئەگەر لە بوارێکدایت کە ڕکابەرییەکی ســـەختە و هەمووان هەمان بەرهەمیان هەیە و نرخەکانیش لەیەکتر نزیکن، دەتوانیت بۆ هێنانی کڕیاری نوێ سوود لەم شێوەیە وەربگریت.

| |
|---|
| دیـاریەکی بەهـادار بۆ کڕیـارەکەت دابنێ و داوای لێبکە ئەم دیاریە بداتە هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی. |

بەم جۆرە بیکە:

کاتێک کڕیارەکە دەکڕێت و دەڕوات، پێی بڵێ: خۆشـــحاڵبووین بە هاتنت، ئێمە حەزدەکەین جگە لە خۆت هاوڕێکانیشت سەردانمان بکەن. لەبەر ئەوە، ئەم دیـــاریەت پێـــدەدەین، بیـــدە بە نزیکترین هاوڕێت.

پاشتر لێی بپرسە: هاوڕێ نزیکەکەت ناوی چییە؟

ناوەکەی لەسەر دیاریەکە بنووسە و بیدە دەستی کڕیارەکە تا بۆی ببات.

ئەم کارە کڕیارەکەمان دڵخۆش دەکات و هەستێکی خۆش بۆ هاوڕێکەیشی دروستدەکات کە حەزبکات سەردانمان بکات و هیچکات ئێمەی لەبیر ناچێەوە.

دەکرێت ئەم دیاریە بۆ ئەندامانی خێزانی کڕیارەکەمان بێت.

## دوو: کڕیارەکانت بکە باسی تۆ بکەن

ئەگەر کڕیارەکەت بەباشـە باسـی تۆ بکات، خەڵکی متمانەیەکی گەورە بە تۆ دروسـتدەکەن. کەواتە دەبێت خۆت هەوڵبدەیت کڕیارەکە وا لێبکەیت بەباشە باسی تۆ بکات.

✰ دەزانم دەپرسیت چۆن؟

دوای ئەوەی کڕینەکەی کرد، پێی بڵێ: ئێمە زۆر خۆشـحاڵین کە سـەردانمان دەکەن، پێمان خۆشـە جگە لە خۆت هاوڕێکانیشـت سەردانمان بکەن.

پاشتر بڵێ: سوپاست دەکەین ناوی (٣) کەسی نزیکی خۆتمان پێ بڵێییت تا ئەوانیش سـوود وەربگرن. ناو و ژمارەی کەسـەکان وەربگرە، پاشتر پەیوەندییان پێوەنکە.

لە پەیوەندییەکەدا بڵێ: هاوڕێکەتان ناوی ئێوەی بە ئێمە داوە، ئێمە بە ناسـینتان خۆشـحاڵین. هەرکات پرسـیارتان لەسـەر بوارەکەمان هەبوو وەڵام دەدەینەوە.

هەروەها ئەگەر تا (٣) ڕۆژی داهاتوویش سـەردانتان کردین، داشکاندنی (٪١٥)تان بۆ دەکەین.

ئەم شـێوازە هەسـتێکی زۆر خۆش بۆ کەسـی بەرامبەر دروستدەکات.

## سێ: کۆمپانیای گەیاندن

زۆرینەی بزنســـەکان بەردەوام بەرهەمەکانیان لە کۆمپانیای گەیاندنەوە دەنێرن بۆ کڕیارەکانیان. دەرفەتێکی زۆر باشـــیان هەیە تا بتوانن لەو ڕێگەیەوە کڕیاری نوێ ڕابکێشن بۆخۆیان.

بەم شێوەیەی خوارەوە:

| |
|---|
| نــامەیەک دروســـتبکەن و لەگەڵ کــاڵاکــانــدا بینێرن بۆ کڕیارەکانتان. |

لە نامەکەدا بنووســـن: ســـوپاس بۆ ئەوەی ئەم کڕینەتان کرد. ئەگەر تـا (٧) ڕۆژیتر ویســـتتـان کڕینی تر ئەنجـام بدەن، ئەوا داشکاندنی (٪١٥)تان بۆ دەکەین.

دواتر بنووســـن هەر کەســـێکیتریش لەم (٧) ڕۆژەدا پەیوەندیی بکات و ناوی جەنابتان بهێنێت داشکاندی (٪١٠)ی بۆ دەکرێت.

ئەمە هەستێکی خۆش بۆ کڕیارەکەت دروستدەکات و لای خەڵکی باستدەکات.

## چوار: کەسە پسپۆڕەکان

ئەگەر مشتەرییەکانت کەسانی پسپۆڕی وەک: دکتۆر، پارێزەر یان مامۆستان، داوایان لێبکەن بتانناسێنن بە سەردانکەرەکانیان. کەسە پسپۆڕەکان هەواداری خۆیانیان هەیە و کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگا دروستدەکەن.

## پێنج: دیاری چاوەڕوان نەکراو

کاتێک کڕیارێکی نوێ کڕینت لێدەکات، دەتوانیت هەستێکی خۆشی بۆ دروستبکەیت کە وابکات لای کەسە نزیکەکانی باسی بکات، ئەویش بەوە دەکرێت کە شتێکی چاوەڕوان نەکراوی بۆ بکەیت.

☺ بۆ نموونە:

ئەکرێت بلیتێکی سینەما، مەلەوانگە یان شانۆگەری بدەیتێ و بڵێیت:

من سوپاست دەکەم کە لە ئێمە کڕینت کردووە، ئێمە حەزدەکەین لە داهاتوودا دووبارە سەردانمان بکەنەوە، لەبەر ئەوە ئەم دیاریەتان پێشکەش دەکەین.

دەکرێت ئەم دیاریە شتیتریش بێت.

☺ بۆ نموونە:

(پاوەربانکێک، شاحینەیەکی ئەسڵی بۆ مۆبایلەکەی یان هەرشتێکیت). مەرج نییە دیاریەکە گرانبێت، بەس ئەوەی گرنگە کڕیارەکە بۆی بەهاداربێت. ڕنگە ئیمزایەکی تۆ هێندەی (١٠) دیاری کاریگەری هەبێت لەسەر هەندێک لە کڕیارەکان.

# پێڕست


بەشی یەکەم: سەرەکیترین کاری بزنس ٩

**وەزی یەکەم: دروسرکردنی فرۆش**

بەشی دووەم: ڕیکلام بۆ هێنانی کڕیار ١٩

بەشی سێیەم: کڕیارەکانمان ٥٣

بەشی چوارەم: پێشانگاکان ٦١

بەشی پێنجەم: وێبینار و لایقی خۆڕایی ٧٣

بەشی شەشەم: هێنانەوەی کڕیارەکە ٧٩

بەشی حەوتەم: هاوبەشێکردن ٩٩

**وەرزی دووەم: دروستکردنی قازانج**

بەشی هەشتەم: کڕیارەکە زیاتر بکڕێت ١٢٥

بەشی نۆیەم: ستراتیژەکانی قازانجکردن ١٣٧

بەشی دەیەم: فرۆشی بەکۆمەڵ ١٤٧

بەشی یانزەیەم: کڕینەکانی داهاتوو ١٥٥

بەشی دوانزەیەم: کڕیارە ناچالاکەکان ١٦٩

بەشێ سیانزەیەم: دروستکردنی ئیشتراک ١٧٥

بەشێ چواردەیەم: خاڵیکردنی مەغزەنەکان ١٨١

**وەرزی سێیەم: بەیزکردنی بزنس**

بەشی پانزەیەم: ڕکابەریکردن ١٩١

بەشی شانزەیەم: وەرگرتنی کارمەند ٢٠٣

بەشی حەڤدەیەم: نووسینی ڕیکلامی پڕفرۆش ٢٢٧

## بەرهەمەكانی گەشتیار غەریب

## لە پڕۆژەی كارسازی شادمان (كتێب)

| ژ | ناوی کتێب | شێواز |
|---|---|---|
| ١ | شادمانی لە ناوجەرگەی سەختییەکاندا | وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە |
| ٢ | دوای دڵت بکەوە | وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە |
| ٣ | ڕێی ساماندار‌بوون | ئامادەکردن |
| ٤ | کاتت زیاد بکە | ئامادەکردن |
| ٥ | ئەنجامی بدە | ئامادەکردن |
| ٦ | دەستکەوتت زیاد بکە | ئامادەکردن |
| ٧ | بازاڕکاریی دەروونی | وەرگێڕان لە فارسییەوە |
| ٨ | وەک دکتۆرەکان بفرۆشە | نووسین |
| ٩ | کڕیارەکانت زیاد بکە | نووسین |
| ١٠ | شکاندنی سنوورەکانی فرۆش | وەرگێڕانی دەستکاریکراو |

بۆ داواکردنی کتێبەکان: [کلیک لەم لینکە بکەن]